# ڕۆشنگەری چییە؟

کانت

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: بەهزاد ئەحمەد



کانت

پێشەکی:

لە یەکێك لە ژمارەکانی ساڵی ١٧٨٣ ی ((گۆڤاری مانگانەی بەرلین)) دا، راهیبێك لە بەرلین کە ناوی ﴿ تسولنر(١٧٥٣-١٨٠٤) ﴾ ە،بابەتێکی بڵاوکردەوە وەك وەڵامێك بۆ بابەتێکی پێشوتر کە لە هەمانساڵدا هەمان گۆڤار بڵاوی کردەوە، تیایدا نوسەرێك بە ناوی خوازراوەوە بەرگری لە زەواج ئەکات بەشێوەیەکی شارستانی و لە ژێر دەسەلاتی دەوڵەتدا.

تسولنر بابەتەکەی تەرخانئەکات بۆ رەخنەگرتن لەو جۆرە ژن و مێردایەتییە (زواج) و بەرگری کردن لە ژن مارەبڕین لە کەنیسەدا،و پێیوایە ئەمەیان لە بەرژەوەندی دەوڵەتدایە،لەهەمانکاتدا هێرش ئەکاتە سەر ئەو جۆرە تێگەیشتنەی خەڵك لە رۆشنگەری کە لای ئەو ئەمە خڵتەیەکە لە زیهنی خەڵکدا دەربارەی رۆشنگەری ، و سەرەتایەکی ئیستیفزازی بۆ نوسینەکەی ئەنوسێت بەم شێوە: ((رۆشنگەری چییە؟ ئەم پرسیارە کە هاوتایە لە گرنگیدا بەو پرسیارەی کە ئەڵێت حەقیقەت چییە؟ ئەبێ وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە بەر لەوەی بڕۆینە ناو رۆشنگەرییەوە! لە گەڵ ئەوەشدا من لە هیچ جێگایەکدا ئەم وەڵامەم دەستنەکەوتووە.))

ئەم پرسیارە تەمومژاوییە کەراهیبێکی پرۆتستانتی لەوکاتەدا ئەیخاتەروو گرنگی خۆی هەیە بۆ مێژووی فەلسەفە.

بەم شێوە سەرەتا ﴿موسا مندلسرون ( Moses Mendlssohn ) (١٧٢٩-١٧٨٦)﴾ نوسینێك بڵاودەکاتەوە بە ناونیشانی : (دەربارەی پرسیاری : رۆشنگەری مانای چییە؟) لە یەکێك لە ژمارەکانی ساڵی (١٧٨٤) ی هەمان گۆڤاردا .

دوای ئەوە لە ژمارەیەکی تری هەمان ساڵی گۆڤارەکەدا کانت وەڵامە ناسراوەکەی ئەنوسێت بۆ ئەو پرسیارەی : رۆشنگەری چییە؟

کانت لە کۆتایی نوسینەکەیدا ئەوە روون ئەکاتەوە کە ئەم کاتێك ئەم نوسینەی نوسیوە ئاگادار نەبووە لەو نوسینەی (مندلسرون)، بەڵکوپاشتر ئەمە لە رێگەی رۆژنامەیەکەوە ئەزانێت کە ناوەرۆکی ئەو ژمارەی گۆڤاری مانگانەی بەرلین بڵاوئەکاتەوە.

**ئەمەی خوارەوە وەرگێڕانی دەقەکەی کانتە:**

رۆشنگەری، دەرچوونی مرۆڤە لەو حاڵەتی کەمتەرخەمییەی (القصور) کە خۆی لێی بەرپرسیارە. حاڵەتی دەستەوسانی مرۆڤە لە بەکارهێنانی فیکریدا وە لە دەرەوەی دەسەلاتی کەسێکی تر، مرۆڤی کەمتەرخەم بەرپرسیارە لە کەمتەرخەمییەکەی کاتێك هۆکاری ئەم کەمتەرخەمییە نەبوونی تێگەیشتن نەبێت ،بەڵکوو نەبوونی توانا وجورئەت بێت لە بەکارهێنانیدا بەبێ بوونی دەسەلاتی کەسیتر[1] ،کەواتە ئەمەیە دروشمی رۆشنگەری.

تەمەڵی و ترس، دوو هۆکارن کە رێگە لە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ون ئەکەن و وایان لێ ئەکەن بە درێژایی تەمەنیان کەمتەرخەمبن ،گەرچی سروشت لە دێر زەمانەوە ئازادی کردوون لە هەر دەسەلاتێکی دەرەکی [2] و ئازادی کردوون لەوەی رازیبن کۆمەڵێك ببن بە وەسێتکەر بە سەریانەوە.

چەند ئاسانە مرۆڤ کەمتەرخەمانە بژی ،ئەگەر کتێبێکم هەبێت لە جێگەی هەموو بیرکردنەوەیەك داینێم ،ویژدانی واعیزێك لە جێگەی هەموو ویژدانێك داینێم ،پزیشکێکیش بەرنامەی خواردنم بۆ دیاری بکات..............وە هەروەها

ئیتر پێویست بەوە ناکات خۆم ماندوو بکەم، مادام ئەتوانم نرخی دیاریکراو بدەم ،ئیتر پێویست ناکات بیربکەمەوە،ئەم کارە ئاڵۆز و بێزارە با کەسانی تر پێی هەڵسن. بەڵام زۆربەی ئەو خەڵکانەی کە بەم شێوە ئەژین (لەناویانا رەگەزی مێینە) وا هەست ئەکەن هەنگاونان بەرەو پێگەیشتن سەرەرای ئەوەی تاقەت پڕوکێنە ،زۆریش ترسناکە. هەر ئەمەشە وایکردووە کە بەردەوام خەڵکی تربە ئاسانی بیانخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە،وپاشان هەوڵ ئەدەن ژێر دەستەکانیان بە توندی چاودێری بکەن، وە رێگە نادەن بەم مەخلوقاتە بێدەنگانە یەك هەنگاو هەڵبێنن لە دەرەوەی ئەو رەورەویەی بۆیان دانراوە کە لە سەری برۆن[3].

ئەو ڕەوڕەوەیەی کەجموجوڵیان کۆنترۆڵ ئەکات , دوای ئەوە لەو خەتەرە ئاگاداریان ئەکەنەوە کە توشیان ئەبێت کاتێك کە هەوڵ ئەدەن خۆیان لەسەر لاقی خۆیان بڕۆن.

بەڵام لە ڕاستیدا ئەم خەتەرە بەو شێوەیە گەورە نیە, لەبەر ئەوەی ئەمانە لە کۆتیدا فێری ڕۆشتن ئەبین دوای ئەوەی چەند جارێك شکست ئەخۆن.تەنها ئەو جۆرە حاڵەتی پارێزگاریە و ئەو جۆرە خۆبەدەستەوەدانە وا ئەکات کە مرۆڤ بێتوانا بێت بۆ هەوڵدانەوەی دیکە. بێگومان قورسە بۆ هەر مرۆڤێك کە بە تەنها خۆی هەوڵبدات بۆ رزگار بوون لەو حاڵەتی کەمتەرخەمییەی کە بووە بە بەشێك لە سروشتی ئەو مرۆڤە, بگرە لەمەش زیاتر وایلێهاتووە ئەم حاڵەتەی خۆشبوێ ,وە ئەم لەم حاڵەتەدا بێتوانایە لە بەکارهێنانی کرداری تێگەیشتنی خۆی, چونکەهەرگیز ڕێگەی پێ نادرێت ئەمە بکات.



کانت

دامودەزگا و ئامرازە بێگیانەکان, یاخود ئەو میکانیزمە تایبەتمەندانەی کە پاسیڤانە عەقڵیان تێدا بەکاردێت ,یان بە مانایەکی تر کە تایبەتمەندن بە بەکارهێنانی خراپی بەهرە سروشتییەکان ,ئەمانە ئەبن بە کۆت بۆ کەمتەرخەمییەکی هەمیشەیی. ئەگەرچی مرۆڤ خۆیشی داماڵێت لەم کۆتانە ناتوانێت هەستێتەوە تەنها بە بازدانێکی باوەڕپێنەکراو نەبێت کە لەو دۆخەی تێپەڕێنێ ,هەر بۆیە هەمیشە بەشێکی کەم لە خەڵکی ئەتوانن ئەم حاڵەتی کەمتەرخەمییە لە خۆیان دابماڵن ,ئەویش بە هەوڵی تاکەکەسی و هەنگاو هەڵهێنان بەرەو جێگیر بوون.بەڵام ئەوەی کە جەماوەر [٤] ڕۆشنگەری پیادە بکەن, بێگومان ئەمە کارێکی حەتمی و گونجاوە بەمەرجێك ئازادی فەراهەمکرابێت ,لەم کاتەدا تەنانەت لە نێوان ئامۆژگاریکەرەکانیشدا یاخود لەناو خۆسەپێنەرەکانیشدا تاکووتەرا هەن کە بۆ خۆیان بیر دەکەنەوە, وە ئەمانە دوای ئەوەی خۆیان لە کۆت و پێوەندی کەمتەرخەمی ڕزگار کرد , ڕوحیەتێکی عەقلانی و نرخدان بە ئینسان بڵاو ئەکەنەوە و ئامادەی ئەکەن بۆ ئەوەی بیربکاتەوە و لەمەشدا تەنها پشت بە خۆی ببەستێ.

بەڵام ئەگەر جەماوەر کەمتەرخەمی لە نەوەی پێش خۆیەوە بۆ مابێتەوە, ئەم بارە ناچاریان ئەکات کە هەر بەو شێوەیە بمێننەوە لە کاتێکدا ئامۆژگاری کەرەکانی ئەم دۆخە بێتوانان لە پێشخستنی ڕۆشنگەریدا ,بەمشێوە بڕیاری پێشوەخت زیانبەخشە بۆ بڕیاردەر و ئەوانەی پێشوش کە بەشدار بوون لەم بڕیاردانەدا .

خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە خەڵکی ئەبێت بە قۆناغ قۆناغ و لەسەرخۆ بگەن بە ڕۆشنگەری,شۆڕشەکان ئەتوانن توندڕەوی تاکەکان و تەماحەکانیان بڕوخێنن بەڵام هەرگیز ناتوانن چاکسازی تەواو بۆ ڕێڕەوی بیرکردنەوەیان بکەن[٥] بەڵکوو شۆڕش بەکارهێنانەوەی هەندێك بڕیاری پێشوەختە کە لە پێشدا بەکارهاتوون ئەمەش دوبارە ڕۆیشتنە لە ڕەوڕەوەکەی کە پێشتر باسمانکرد . بۆ گەیشتن بە ڕۆشنگەری شتێکی ترمان پێویست نیە جگە لە بوونی ئازادی بەکارهێنانی گشتی عەقڵ (الاستعمال العمومی) لە هەموو بوارەکاندا.

من ئێستا لە هەموو لایەکەوە گوێم لە هاوارێکە بانگ ئەکات:بیر مەکەنەوە,ئەفسەرێك ئەڵێت :بیر مەکەنەوە ,مەشقەکانتان ئەنجامدەن ! فەرمانبەری دارایی ئەڵێت:بیر مەکەنەوە ,کرێکانتان بدەن! پیاوی ئاینی ئەڵێت:بیر مەکەنەوە ,باوەڕ بهێنن! .

تەنیا کەسێك لە جیهاندا [٦]کە ئەڵێت: **بیر بکەنەوە چەند ئەتانەوێت , وە لەچی ئەتانەوێت ,بەڵام پێویستە گوێڕایەڵ بن .**

لە هەموو لایەکەوە سنورداری هەیە بۆ ئازادی ,بەڵام ئەوە چ جۆرە سنوردارییەکە ئەبێتە ڕێگر لە بەردەم ڕۆشنگەریدا؟ وکام جۆری نابێتە ڕێگر, بگرە بەسودە بۆی؟ . وەڵام ئەدەمەوە و ئەڵێم:ئەبێ بەکارهێنانی گشتی عەقڵ لە

هەموو حاڵەتەکاندا ئازاد بێت وتەنها بەمە ڕۆشنگەری بەدەست دێت, بەڵام بەکارهێنانی عەقڵی تایبەتی ئەبێ ملکەچ بێت بۆ سنورداریيەکی توند ,بە بێ ئەوەی ئەم سنوردارییە ببێتە بەربەست لە بەردەم هەنگاونان بەرەو ڕۆشنگەریدا,مەبەستم لە بەکارهێنانی گشتی عەقڵی تایبەتیمان ئەو بەکارهێنانەیە کە کەسێك پێی هەڵدەستێت کە پیاوی زانا بێت (رجل العالم) [7] لە بەردەم خەڵکانێکی خوێنەردا.

بەڵام بەکارهێنانی تایبەتی عەقڵ (الاستعمال الخصوصی) ئەوەیە کە ئەکرێت مرۆڤێك پێی هەستێت لە پلەوپایەیەکی شارستانیدا[8] ,ئەمانەش کاروباری پەیوەندیدارن بە بەرژەوەندی گشتیەوە کە میکانیزمێکی دیاریکراو هەیە بەهۆیەوە هەندێك لە ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیە ,یاخود یەکێك لە ئەندامانی ئامێرە گشتیەکە پاسیڤ ئەکرێن یاخود پاسیڤانە هەڵسوکەوت ئەکەن ,تا بەهۆی گونجاندنێك لە دەزگای دەوڵەتدا ئەم کارانە بەرەو بەرژەوەندی گشتی ئاراستە ئەکرێت ,یان بە لایەنی کەمەوە ڕێگەیان لێ ئەگرن کە زیان بە بەرژەوەندی گشتی بگەێنن . لێرەدا بە دڵنیاییەوە ڕێگە بە بیرکردنەوە نادرێت ,وە ئەوەی پێویستە لە سەر مرۆڤ ئەوەیە کە گوێڕایەڵ بێت,بەڵام ئەگەر تاك, کە ئەندامێکی ئامێرە گشتیەکەیە و لەهەمانکاتدا ئەندامی کۆمەڵگای جیهانیشە . وێرای ئەمەش بتوانێت موخاتەبەی خەڵك بکات لە ڕێگەی کتێبەکانیەوە ,ئەمەش بە پشت بەستن بە بیرکردنەوەی تایبەتی خۆی ,بێگومان لێرەدا ئەتوانێت نەهێڵێت کاروباری تایبەتی خۆی کاریگەری بەسەر وەزیفە پاسیڤییەکانیەوە هەبێت.

کاتێك ئەفسەرێك فەرمانێکی لە سەرۆکەکەیەوە پێ ئەسپێردرێت, ئەگەر ویستی عەقڵ بەکار بهێنێ و فەرمانەکە تاوتوێ بکات و لە سود و زیانەکانی بکۆڵێتەوە ,بێگومان ئەمە کارێکی ترسناکە و فەسادی لێ ئەکەوێتەوە, چونکە کاری ئەو ئەفسەرە لەو کاتەدا تەنها فەرمان جێبەجێکردنە,بەڵام ئێمە مافی ئەوەمان نیە کە ڕێگەی لێ بگرین وەك (پیاوی زانا) نەك وەك پیشە,لەوەی تێبینی خۆی لەسەر کەموکورتیەکانی خزمەتی سەربازی بنوسێت وە ئەم تێبینیانە بخاتە پێشچاوی جەماوەر ,تا ئەوانیش بڕیاری بەسەردا بدەن. بە هەمان شێوە هیچ کاتێك ناتوانین ڕێگە لە کەسێك بگرین لەوەی لە وەزیفەی تایبەتی خۆیدا چەند فەرمانێك جێبەجی بکات ,چونکە ئەگەر هەر سەرپێچیەك لە جێبەجێکردنیادا بکات ئەبێ دوچاری لێپرسینەوە بێت بۆئەوەی فەزیعەت نەکەوێتەوە.

بە هەمان شێوە لەسەر پیاوانی ئاینیش پێویستە ڕەعیەتەکانیان فێرکەن لەسەر هێمای ئەو کەنیسیەی کە خزمەتی ئەکەن .ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئەتوانن وەکوو پیاوی فیکر وە ئەتوانێت چێژ لە تەواوی ئازادیی خۆی ببینێت لە گەیاندنی بۆچونە جیاوازەکانیا و لە دەرەوەی پیشەکەی,بەڵام لێرەدا هێشتا ئەوە نابینین کە قورسایی لەسەر ویژدانی دابنێت , لەبەرئەوەی ئەوەی کە ئەیزانێت بەگوێرەی پیشەکەی بە شێوەیەك ناتوانێت بینوێنێ کە بتوانێت چێژ لە تەواوی ئازادیی دەربڕینی خۆی ببینێت بەڵکو وەکو کەسێك کە دانراوە بۆ ئەوەی بۆچونەکانی بگەێنێت بەگوێرەی ئەو زانیاری و ئاماژانەی کە کەسێکی تر لە دەرەوەی دەسەلآتی خۆیەوە بۆی دیاری ئەکات . هەر بۆیە هەمیشە پیاوانی ئاینی بەو زمانە قسە ئەکەن کە ئەڵێن (کەنیسەکەمان فێری ئەوەمان ئەکات ,یان ئەم جۆرە کارانەی لا پەسەندە و ئەم کارانەی لا پەسەند نیە) بێگومان ئەمە وەك بیانویەك بەکار ئەهێنن و کۆمەڵێك سودی زانستی لەو یاسا و ڕەمزە کەنیسییە دەرئەهێنن کە زۆرجار خۆیشیان بڕوایان پێیان نیە ,بەڵام ئەم شتانە بە پەیمانەوە بە ڕەعیەتەکانیان ئەڵێن ,ئەگەرچی هەندێ جار ئەگەری ئەوە هەیە هەندێ ڕاستی شاراوەیان تیا بدۆزێتەوە یان هیچ شتێکیان تیا نەدۆزێتەوە کە لەگەڵ باوەڕی خۆیا پێکبێنەوە,بەڵام کاتێك هەستی کرد ئەو وێکنەهاتنەوەیە هەیە لەم دۆخەدا ناتوانێت بەردەوام بێت لەسەر وەزیفەکەی و ئەبێ دەس لە کارەکەی بکشێنێتەوە.

بەکارهێنانی عەقڵ لەلایەن هەر کەسێکی پیشەیی لە فێرکردندا و لە بەرامبەر کۆمەڵێك لە خەڵکدا تەنها و تەنها بەکارهێنانێکی تایبەتیە, چونکەئەم کۆمەڵە خەڵکە شێوەی خێزانێکی هەیە ئەگەرچی ژمارەشیان زۆر بێت. بۆیە پیاوی ئاینی ناتوانێت وەك کەسێکی ئازاد هەڵسوکەوت بکات, بێگومان ئازاد نیە چونکە ئەم کارێك ئەنجام ئەدات لە

دەرەوەی بیرکردنەوەی عەقڵی خۆی. بەڵام بە پێچەوانەی ئەمەوە ،ئەگەر شێوەکە بەکارهێنانی گشتی عەقڵ بێت ،واتە بە سیفەتی پیاوی زانا موخاتەبەی جەماوەرێکی ڕاستەقینە بکات، یان موخاتەبەی دونیا بکات بە ئازادییەکی بێسنور لە بەکارهێنانی تایبەتی عەقڵیدا وبەناوی تایبەتی خۆیەوە.

کاتێک کە پیاوانی ئاینی (یاخود ئامۆژگاریکەرە ئاینیەکان) توشی کەمتەرخەمی هاتن ،ئەمە بودەڵییەکە ئەبێتەهۆی کەوتنەوەی بودەڵی تر، بەڵام ئایا ناگونجێت کۆمەڵێك لە پیاوانی ئاینی ،یاخود دەزگایەکی کەنیسی،یان چینێك لە باوکانی کەنیسە (وەك ئەوەی لە هۆڵەندا پێی ئەڵێن) مافی ئەوەیان هەبێت کە ئەندامەکانیان بخەنە ژێرباری بەجێهێنانی فەرمانەکانەوە ،ئەمەش بەشێوەی سیمبولێکی دیاریکراوەوە کە قابیلی گۆڕانکاری نەبێت، تاوەکو مومارەسەی بکەن، بگرە پشتگیری لێ بکەن ،وە بەهۆی ئەوانەوە ئەم فەرمانانە بەسەر خەڵکی تردا بچەسپێت.

ئەڵێم: ئەم کارە مەحاڵە و نابێت ئەنجام بدرێت، چونکە ئەم جۆرە پەیمانگریانە ئەبێتەبەربەست لەهەر هەنگاوێکی نوێ بەرەو ڕۆشنگەری ،ئەگەرچی ئەمە لەلایەن پەرلەمان و دەزگا ڕەسمییەکانەوە ڕێگەی پێبدرێت . ناگونجێت سەردەمێك یاخود نەوەیەك ڕێك کەوێت لەسەر ئەوەی ڕێگربێت لەبەردەم نەوەی ئایندەدا لە هەر جۆرە پێشکەوتنێك یان هەرجۆرە فراوانکردنێکی ئاستی مەعریفییان , وبێبەریان بکەن لەوەی بتوانن هەڵەکانیان ڕاست بکەنەوە و زیاتر بەرەو پێش بڕۆن لە لایەنی ڕۆشنگەرییەوە. ئەمە تاوانێکە دەرهەق بە مافی سروشتی ئینسان کە تۆ نەوەی دوای خۆت بێبەش بکەیت لەمافی سروشتی خۆی، بەڵام ئەمە بەومانایە نایەت کە نەوەی پێشو مافی ڕەت کردنەوەی هەر بڕیارێکی نەبێت کە بە پەسەندی نەزانێت.

سەنگی هەر بڕیارێك کە بکرێت بە یاسا بۆ هەر گەلێك لەم پرسیارەدا خۆی ئەبینێتەوە:ئایا گونجاوە بۆ هەر میللەتێك ،یاخود مافی ئەوەیان هەیە کە هەر یاسایەکی دیاریکراو بەسەر خۆیاندا بچەسپێنین؟ ئەگونجێت ئەم یاسایە وەرگیرێت یاخود بچەسپێت بۆ ماوەیەکی کاتی ,یاخود ئەگەر دەربڕینەکە بگونجێت تا چاوەڕوانی بۆ دانانی یاسایەکی چاکتر، بەمەرجێك ئەو ئازادییە بدرێت بەهەر کەسێك (بە تایبەتی پیاوانی ئاینی) کە وەك کەسانێك لەبواری بەکارهێنانی عەقڵیاندا کار بکەن (وەك پیاوی زانا)،ئەمەش لە ڕێگەی کتێبەکانیانەوە ،یان تێبینیەکانیان لەسەر ئەو لایەنانەی دەستورەکە کە بەدڵیان نیە لە دەستورە هەنوکەییەکەدا.



هیگڵ

لە میانەی ئەمەدا ئەو ڕژێمەی کە دائەمەزرێ پێیکهاتەیەکی بەهێزی ئەبێت , بەمشێوە ڕۆژێك دێت گەڕان بۆ ماناکان ئەگاتە ترۆپکی خۆی ,پرۆژەی بەهێز بە کۆدەنگی (ئەگەرچی تەواوی دەنگەکانیش نەبێت) بۆ فەرمانڕەواکان بەرز ئەبێتەوە , وە بۆ پاڵپشتی کردن لەو کۆمەڵە خەڵکانەی کە ڕێککەوتون لە سەر دنیابینی وتێگەیشتنی جیاواز بۆ شتەکان ,وە پاڵپشتیکردن بە دروستکردنی گۆڕانکاری لە دامەزراوە ئاینیەکاندا ,و پشتگوێخستنی ئەوانەی کە هێشتا بەوەفان بۆ ڕژێمی پێشخۆیان و گۆڕانکارییەکانیان پێ قبوڵ نیە.

ڕێککەوتن لەسەر دەستورێکی ئاینی جێگیر , کارێکی نامەشروعە تەنانەت ئەگەر بۆ ماوەی ژیانی یەك مرۆڤیش بێت .ئەبێ مرۆڤ هەوڵبدات بۆ ڕۆشنگەر بوون تا ئەو ئەندازەیەی کە ئەتوانێت تێی بگات , بەڵام کشانەوە و سڵەمینەوە لێی چ جای مرۆڤ بەتەنها یان دەستەجەمعیانە پێی هەستێت , دورکەوتنەوەیە لە ڕۆشنگەری و بێتوانایی مرۆڤە لە فەراهەمکردنی مافەکانیدا.

نابێت سەرکردە بڕیارێك بەسەر خەڵکدا دەربکات کە مافی بڕیاردانی تەواوی تێدا نەبێت ,چونکە دەسەڵاتی شەرعی ئەو لەسەر ئەوە دامەزراوە کە ئیرادەی خەڵك لەگەڵ ئیرادەی خۆیدا یەکبخات, وە کاتێك ئەو دڵنیا بوو لە گونجانی هەر ریفۆرمێکی ڕاستەقینە لە گەڵ دەستوری مەدەنیدا , ئەبێ ڕێگە بدات بە گەشەکردنی ئەم ریفۆرمە ,هێشتا ئەمە مەبەستە گرنگەکە نی‌یە , بەڵکو مەبەستە گرنگەکە ئەوەیە کە ئەم ریفۆرمە ڕوبدات بە بێ ئەوەی کەسێك توندوتیژی بەکاربهێنێ لە ئەنجامدانی ئەو ڕیفۆرمە گشتی‌یەدا.

سەرکردە هەیبەتی دائەبەزێ کاتێك دەست وەرداتە ئەو کارانەوە و بیەوێت ئەو کتێبانەی کە نوسەرەکانیان ئەیانەوێت بۆچونی خۆیانی تیا دەربڕن بگۆڕێتە سەر شێوەی ڕەسمی و بیانکات بە زمانی دەوڵەت , کارێکی لەمجۆرە ڕوبەڕووی ئەو لۆمەیە ئەبێتەوە کە ئەڵێ : ((قەیسەر پلەو پایەی لە زماننناسەکان (النحويين) بەرزترنی‌یە)) ,. ئەو لە دەوڵەتەکەی‌دا هەندێ ئیستیبدادی کەنیسی ئەپارێزێ و بەشێك لە ڕەعیەتەکانی لەو توندوتیژانە ئەبن , کە ئەوەش لە پلە و توانای بەرزی ئەو کەم ئەکاتەوە .

ئێستا ئەگەر بپرسین : ئایا ئێستا ئێمە لە چەرخی ڕۆشنگەری‌دا ئەژین؟ ئەوا وەڵامەکەی وا ئەبێت : نەخێر , بە دڵنیاییەوە لە چەرخێکدا ئەژین بۆ ڕۆشنگەری . ماوەی ڕابردوو زۆر شتی نوقسانە بۆئەوەی خەڵکی لە دۆخێکدا بن ڕێگەیان پێ‌بدرێت بۆئەوەی لە کاروباری ئاینی‌دا تێگەیشتنی تایبەتی خۆیان بەکاربهێنن بە بێ هیچ دەسەڵاتێکی دەرەکی کەسێکی تر , و بگرە هەر زۆر ماوە بۆ ئەوەی بگەین بەو دۆخە . بەڵام لە بەرامبەر ئەوەشدا نیشانەی دیار هەیە بۆئەوەی کە هێشتا بوار کراوەیە لە بەردەمیاندا , , ئێستا تائەو کاتەی خۆیان ڕێکئەخەن بۆ ئەوەی ئەم ئامانجە بهێننە دی , و خۆیان لەو کەمتەرخەمی‌یە ڕزگاربکەن کە هۆکارە سەرەکی‌یەکەی هەر خۆیانن ,و ئەم دۆخی کەمتەرخەمی‌یە لە خۆیاندا نەهێڵن یان کەمیکەنەوە کە ئەمەش ئەبێ بە شێوەیەکی تەدریجی بێت .

ئەو پاشایەی ﴿ مەبەستی پاشا (فریدریك) ە ﴾ کە بەو پەڕی لەخۆبردوییەوە بە پێویستی ئەزانێ کە هیچ فەرمانێکی ئاینی بە سەر خەڵکدا نەسەپێنرێت , بەڵکو ئەبێ ئازادی ڕەها بۆ خەڵك جێبهێڵرێت , بەمەش سیفاتی گەورەیی و لەخۆبوردەیی ئەدات بە خۆی ,ئەمە کەسێکی ڕۆشنگەرە , و شایانی ئەوەیە کە ستایش بکرێت لە لایەن ئەوانەوە کە دان بە هەموو جوانیەکدا ئەنێن لە جیهاندا و لە لایەن نەوەکانی ئایندەوە بەو سیفەتەی کە یەکەمین کەسە کە ڕەگەزی مرۆڤایەتی ڕزگار بکات لە کەمتەرخەمی بەلایەنی کەمەوە لە بواری کاروباری دەوڵەت و کارگێڕیدا , و ئازادی بەکارهێنانی عەقڵ لە هەموو بوارەکاندا بۆ خەڵك جێبهێڵرێت .

ئەو پیاوە ئاینیانەی کە باوەشیان بە دەسەڵاتەکەیاندا نەکردوە و تەنها وەکو ئەرکێکی پیشەیی پێی هەڵئەسن مافی ئەوەیان هەیە کە زۆر ئازادانە بۆچونی خۆیان بۆ جیهان ڕاگەیێنن ,هەروەها بڕیارەکانیان و بۆچونە جیاوازەکانیان بۆ ئەو هێمایەی بڕوایان پێی هەیە ڕوون بکەنەوە , دیسانەوە ئەم مافەشیان هەیە بەڵام کاتێك بەسیفەتی (پیاوی زانا) ئەمە بکەن.

هەر ئەم مافانەش بە کەسێك ڕەوایە کەبە هیچ پیشەیەکی دیاریکراوەوە پەیوەست نەبێت,بەمشێوە ڕوحییەتی ئازادی بڵاوئەبێتەوە , ئەگەرچی حکومەتەکانیش بەربەست بخەنە بەردەمیان , هێشتا ئەتوانن بەردەوام بن لە هەوڵدان بۆ گەیشتن بە مەبەستەکەیان ,ئەو جۆرە حکومەتانەی ڕێگری ئەکەن لە بەردەم ڕۆشنگەریدا ئەوە ئەو جۆرە حکومەتانەن کە لە ڕۆڵی خۆیان تێنەگەیشتوون لە کۆمەڵگادا.

بەڵام ئەو دەسەڵاتەی ئێمە باسمان کرد (دەسەڵاتی پاشا فریدریك) نمونەیەکە لە بەردەم هەموو ئەو حکومەتانەی تێناگەن کە هیچ مەترسییەك لە پەیمانبەستنی سیاسیدا نی‌یە, وە هیچ مەترسییەك لەوەدا نی‌یە کە کەشێکی ئازاد

باڵبکێشێت بە سەر دامودەزگا گشتی‌یەکاندا ,کاتێك ئەمە کرا ئەوسا خەڵکیش هەوڵێکی زۆر ئەدەن خۆیان لەو کەمتەرخەمی و نوقسانی‌یە ڕزگارکەن ئەگەر کەسێك خۆی بە سەر کاروبارەکانیانەوە نەکات بە خاوەن بڕیار و (مجتهد) .

ئێستا خاڵی سەرەکی ڕۆشنگەریم ڕونکردەوە ,کە دەرچونی مرۆڤە لەو باری کەمتەرخەمی و نوقسانییەی کە خۆی لێی بەرپرسیارە , بە تایبەت لە کاروباری ئاینیدا .

فەرمانڕەواکان هیچ بەرژەوەندییەکیان لەوەدا نی‌یە کە ڕۆڵی وەسێتکەر ببینن بەسەر ڕەعیەتەکانیانەوە لە بواری هونەری و زانستی و هەموو بوارەکانی تریش.

کەمتەرخەمی, سەرەڕای هەموو ئەو لایەنە نێگەتیڤییانەی کە هەیەتی, شکاندنێکی ئاشکرای پیرۆزییەکانی مرۆڤە, ئەو پاشایەی کە زۆر جیاواز لە پشتگیری ڕۆشنگەری ئەکات و تەنانەت لە بواری یاسا دانانیشدا هیچ مەترسییەك لەوەدا نابینێتەوە کە ڕێگە بە ڕەعیەتەکانی بدات کە بە شێوەیەکی گشتی عەقڵیان بەکاربهێنن ,وشێوەی ئەو یاسا و دەستورەی ئەمان لایان پەسەندە بۆ هەموو جیهان بخەنەڕو ,ئەگەرچی ڕوبەڕوی ڕەخنەی توند و بێ پێچ و پەناش ببنەوە.

بەڕاستی نمونەی پاشای وەك(فریدریك) نموونەیەکی پیرۆزە کە هیچ پاشایەك نەیتوانیوە تێیپەڕێنی , هەروەها لە لایەنێکی ترەوە ئەبێ ئەو سەرۆکەی ڕۆشنگەرە پشوودرێژ بێت و هیچ ترسێکی لە مانەوە نەبێت لە دۆخی ڕۆشنگەری‌دا , سەرەڕای ئەمەش ئەم خاوەنی سوپایەکی دیاریکراوە کە بە کاری ڕێکخستن و مسۆگەری ئاسایش هەڵئەسن , ئەمە ئەو سەرۆکەیە شتێك ئەڵێت کە مەحاڵە هیچ کۆمارێك و هیچ دەوڵەتێکی سەربەخۆ جورئەتی وتنی هەبێت , کە دەڵێت :

**﴿بیربکەنەوە هەرچەنێك ئەتانەوێت , وە لە هەر شتێك کە ئەتانەوێت , بەڵام پێویستە گوێڕایەڵ بن !﴾**

بەم شێوە کاروبارە مرۆییەکان ڕەوتێکی سەرسوڕهێنەر و چاوەڕواننەکراو ئەگرنەبەر , ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی سەیری کاروبارەکان بکەین . ئەبینین سەرجەم کاروبارەکان بە ئاڕاستەی جیاوازدا ئەڕۆن , بۆیە زیاتر لە ئازادی شارستانی پێویستە بۆ ئازادی ڕوحی هەر گەلێك , بەڵام ئەبینین لە هەندێ شوێن بەربەستی وا بۆ ئازادی دائەنێن کە دەرچوونی مەحاڵە, بە پێچەوانەوە بەشێکی کەم لەو دەسەڵاتدارانە ڕێگەخۆش ئەکەن بۆ گەلەکانیان تا بە گوێرەی توانای خۆیان بەسەر سەرجەم بوارەکاندا بکرێنەوە.

هەرکاتێك سروشت دەربازکرا لەم تۆوە سەختە ناقۆڵایە, کە بەردەوام لە چاندنن و گەشەکردندایە, ئەوکاتە ئامادەیی و مەیلی بیرکردنەوەی ئازاد زۆر ئەبێت, بەمشێوەش گەلان ئەتوانن بەشێوەیەکی تدریجی خۆیان دروستکەن . سەرەنجام خەڵکێك دروست ئەبن کە خاوەنی هەڵسوکەوتی تایبەتی و ئازادن, دواجار ئەمانیش کاریگەرییان ئەبێت لە سەر حکومەتەکانیان و ناچاریان ئەکەن کە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکەن و گوێ لە قسەکانیان بگرن, ئەگەر ئەمانە نەکران ئەوکاتە مرۆڤ هیچ شتێك نابێت جگە لە ئامێرێك.

**پەراوێزەکان:**

١- ئەم دەربڕینە لە دەقە لاتینیەکەیدا بەمشێوە هاتووە (جورئەتی مەعریفیت هەبێت) وە ئەمە کرابوو بە دروشمی ڕۆشنگەری پێش کانت.

٢-ئەم دەستەواژەیە لە دەقە لاتینیەکەدا بەم شێوەیە هاتووە (لە ڕووی سروشتییەوە پێگەیشتوون) , کانت مەبەستێتی کە بڵێت ئەوانەی کە لەڕووی تەمەنەوە پێگەیشتوون بەڵام لە ڕووی بیرکردنەوەوە هێشتا کەمتەرخەمن.

٣- مەبەست لێرەدا ئەو ڕەوڕەوەیە کە مناڵی لەسەر دائەنرێ تا پێ ئەگرێت. کانت ئەم دەستەواژەیە بۆ ئەو کەسانە بەکار ئەهێنی کە کەسێکی تر ڕۆیشتنیان بۆ دیاری ئەکات.

٤- وشەی (جەماوەر) لە جیاتی (الجمهور) ی عەرەبی دانراوە, کە بەمانای کۆمەڵیك خەڵکە ئینتیمایان بۆ جێگەیەکی دیاریکراو هەیە.

٥-ئەم هەڵوێستەی کانت لەسەر شۆڕش وای لە کانت نەکرد کە هەست و سۆزی بۆ شۆڕشی فەرەنسی دەرنەبڕێت ,و پشتگیری لێ نەکات .

٦-کانت لێرەدا مەبەستی مەلیك فریدریکی دووەمە (١٧٤٠-١٧٨٦).

٧-کانت ئەم دەستەواژەیە بۆ کەسێك بەکارئەهێنێت کە پێکهاتەیەکی فیکری و ڕۆشنبیری فراوانی هەبێت, لێرەدا لە نێوان دەستەواژەی (رجل الفكر) و (رجل العلم) ی عەرەبیدا (رجل العلم) مان هەڵبژارد کە بە (پیاوی زانا) دامانناوە.

٨-پێویستە سەرنجی ئەوە بدەین کە لە سەردەمی کانتدا دەستەواژەی (سیاسی) و (شارستانی) لێك جیا نەئەکرانەوە, وە تا سەدەی هەژدە وەك موورادیفێك بۆ یەکتری بەکارئەهێنرا, پاشان هیگڵ لە (فەلسەفەی هەق) دا هەستا بەم جیاکردنەوەیە.

تێبینی/بۆ نوسینی پەراوێزەکان سود لە وەرگێڕانەکەی (اسماعیل المصدق) وەرگیراوە

**بۆ ئەم وەرگێڕانە سودمان لە دوو وەرگێڕانی عەرەبی وەرگرتووە,یەکەمیان (اسماعیل المصدق)کە ڕاستەوخۆ لە ئەڵمانییەوە وەریگێڕاوە ,ئەوی دیش (یوسف الصدیق) کە لە فەرەنسییەوە وەریگێڕاوە**